# مێژووی میسری کۆن

د. دلێر فرحان اسماعیل

## ١-١ ناوی میسر (مصر)

ناوی میسر لە زمانی ئەوروپییەکان بە (Egypt– إجيبت) لاتینی هاتووە، کە ناوێکی کۆنی شاری (ممفيس) بووە (حت– کا– بتاح) (ابكوبتاح) بەمانای معبد (کا) خوداوەندی خوای بتاح بووە، کە لە دەقە هیرۆغلیفەکان هاتووە، پاشـــان گۆڕاوە بۆ (ايجوبتس) لەلایان شـــاعیری ئەغریقی خاوەنی (هوميروس) کە نووســـراوە لە ســـەدەی ٩ پ.ز، میســـرییەکان ناوی جۆراوجۆریان بە وولاتی میسر گوتووە لەوانە:

١- (کی– تاکمی، کمت– کامی، قیم– قیمی، خیم– خیمی)، واتە خاکی ڕەشـــی نیل (الارض السوداء).

٢- تو– میری، خاکی لافاو.

٣- ناوی (الارضين) واتە (سەرو خوارو– العلی والسفلی).

بەڵام ناوی (مصـــر) ناوێکی ســـامیە (الامصـــار) عەرەبییە لە زۆر ســـەرچاوە و دەق و نووســـراو هاتووە لەوانە: نصـــوص ئاشـــوری و میســـری. مصـــرایم لە تورارت هاتووە لە اســـفاری (التكوين والايام). لە قورئانیش ناوی مصـــر هاتووە (ســـورة اليوســـف) بەمانای ناوچە و وولات.

ناوی (نیل) ناوێکی میسری کۆنە کە بەشێوەی (نهر– نهل– نضل) هاتووە، لاتینی Nilus هاتووە. یاخود بەشـــێوەی (جعف– جعفي)، یاخود (هوفی– اوفی– حوفی)، بەڵام نازانرێت مانای چییە.

## ١-٢ جوگرافیای میسر و کاریگەری لەسەر مێژووی سیاسی و شارستانیەتی

١- وولاتی میسر دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەفریقیا سنوری باکوری دەریای سپی ناوەڕاست، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای سور، لە باکوری ڕۆژهەڵات هاوسنور لەگەڵ فەلەستین و ئیسرائیل، لە بەشی ڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەڵ لیبیا، لە باشوریش وڵاتی سودانە.

٢- میســـر ٣ % ڕووبەری کیشـــوەری ئەفریقیایە، هەڵکەوتێکی جوگرافیای گرنگ هەیە لە ســـەر دەریای ناوەڕاســـت و دەریای ســـور وە شـــوێنی نێوان کیشـــوەری و خەڵکی ئاســـیا و ئەفریقیایە و باشوری ئەوروپا.

## گرنگترین تایبەتمەندی خاک و جوگرافیای میسر

١- ڕووباری (نیل):- کە سەرچاوەی ژیان و دروستبوونی لایەنی ئابووری و شارستانیەتی میســـر بووە، بۆیە (هیرۆدۆتس) مێژوونووســـی یۆنانی دەڵێت: "میســـر خەڵاتی نیل)ە، واتە (مصــر هبة النيل)، چونکە ئەگەر ڕووباری نیل نەبوایە مێژوو و شــارســتانیەتی میســر بەم شێوەیە نەدەبوو لەبەرئەوەی میسر بەشێوەیەکی گشتی کەم باران و ناوچەی بیابانی زۆرە.

٢- گونجــاوی ئــاو و هەوای میســـــر هۆکــارێکی بــاش بووە بۆ چــانــدن و بەروبوومی جۆراوجۆری گەرم و مام ناوەندی.

٢- خاک و لیتەی قوڕی ئاوی لافاو یارمەتی دەرێکی باشی بواری کشتوکاڵ کردن بووە.

٤- زۆری بەرد و کــانزای جۆراوجۆر لە میســـــر کــاریگەری زۆری هەبووە لەســـــەر شــارســتانیەتی میســری کۆن، بەردی (البلور- بور ناری- الديوريت- الكوارتزيت) و بەردی (النايس).

٥- بوونی سنوری سروشتی پارێزراو وەک بیابانی زۆر و دەریا و چیا، کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە پارێزی لە سنوری دەوڵەتی میسر بەدرێژایی مێژوو.

### ١-٣ ڕەچەڵەکی مرۆڤی میسری کۆن

هەندێ کەس باوەڕیان وایە کە ڕەچەلەکی میســـــری یە کۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ حامی، تێکەڵەیەک بوونە لە نێوان سامی و حامی یاخود کاریگەری بەهێزی ڕەش پێستەکان بەسەر میســـریە کۆنەکان هەبووە، یاخود هەندێ کەســـی تر هەن کە میســـریە کۆنە ڕەســـەنەکان بەڕەگەزی قەوقازی دەبەستنەوە.

وە ئەو بیروبۆچوون و تێڕوانینانە لێکۆڵینەوەیان لەســـەر کرا لەلایەن زانا میســـریەکان مێژوونوســـان و زانایانی مرۆڤناســـی و ســـروشـــتی، لێکۆڵینەوەکەش لە ڕێگەی وێنە و نوســـینەکانی مێژوونوســـە کۆنەکان و کتێبە پیرۆزەکان و پێوانەکردنی پاشـــماوەی کەللە ســـەرو ئێســـکە پەیکەرەکان و داب و نەریتەکان... تاد، بەڵام زانایان لەبارەی ئەم بابەتە نەگەیشتنە ئەنجامێک ڕازی کەر تاکو ئێستا.

یونســکۆ کۆنگرەیەکی زانســتی بەســت لە قاهیرە ســاڵی ١٩٧٤ لە ســەر بابەتی (ئەســڵی میســـریە کۆنەکان) وە ســـەملێنرا کە ئەو بابەتە هێشـــتا پێوســـتی بەچەندین لێکۆلینەوەی جۆراوجۆر هەیە کە هەندێ ناوچەی میســـر لەخۆی دەگرێ وە هەندێ ناوچەی دەرەوەی

میسریش لەلایەنی شوێنەواری و مرۆڤناسی، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەبەردەست نییە لە بارەی کۆچکردنەکان لەکۆنەوە بۆ میسرو ڕێگا جۆراوجۆرەکانیان.

وە بەتایبەتی میسر ئەو کۆچە گەورانە ڕوویان تێنەکردبوو هەروەکو شام و عێراق کە کۆچێکی گەورە ڕوویان لەم دوو ناوچانە کردبوو، بەڵکو کۆچی سنورداری سامیەکان هەبوو بۆ میسر، هەروەها هێشتا لێکۆڵینەوە نەکراوە لەسەر پاشماوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی لێکۆڵینەوەی زانستیانە.

لە کۆتاییدا پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێ کە تا چەند میسر لە ژێر کاریگەری داب و نەریتی ئەفریقیادایە بەنموونە، بەڵکو پرسەکە پێویستی بە بەکارهێنانی ئەو لێکۆڵینەوەی مێژووی شوێنەواری مرۆڤناسی تایبەت بە نیمچە دورگەی عەرەب هەیە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی و باشوور کە لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێن.

بەڵام دەتوانین بڵێین لە ماوەی چاخی بەردینی کۆن بەگشتی مرۆڤی میسری لە بیابانەکان دەژیان، بەڵام دوای کۆتایی چاخی باران و دروستبوونی وشکەساڵی مرۆڤەکان رویان لە دۆڵەکان کردووە ناچاربوو لە کەنارەکانی نیل بژین.

ئاسان نییە بزانین و دڵنیابین کە ئەو مرۆڤانە بۆچ ڕەگەزرێک دەگەڕێنەوە، هەروەها ناتوانین بزانین ئای ئەو ڕەگەزەی دانیشتوان بەردەوام بوون لە ژیانی خۆیان لە نێو ئەو کەسانەی کە لە سەرەتایی سەردەمی بەردینی نوێ لە دۆڵی نیل دەژیان یاخود نا؟ بەڵام ئەگەر بەشێک لەو ڕەگەزە مرۆییە دۆزرایەوە لەسەرەتایی چەرخی بەردینی نوێ دەکرێ خۆیان گونجانەبێ لەگەڵ ڕەگەزە کۆچەریە نوێیەکان وە بنەماڵەکانی تری مرۆڤایەتی.

وە هەندێک لە زاناکان دەبینن (دەڵێن) ماوەی ووشکەساڵی باکورو رۆژهەڵاتی ئەفریقیای گرتبۆوە لە سەرەتای چاخی بەردینی کۆن سەرو، بۆیە خەڵکان ئەوانەی لەسەر گردە بیابیانیەکان دەگوازرانەوە لە چاخی بەردینی کۆنی وە یەکەمین جێگیربوون واستقراربوونی مرۆڤ لە میسر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیە بێ شک و گومان.

پاشماوەی ئێسکە پەیکەری مرۆڤ دۆزراوەتەوە لە ناوچەی (کوم أمبو) کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخەدا، وە ناتوانین بڵێین کە سەربەیەک توخمی مرۆڤی بووە، هەروەها ناتشوانین بڵێین دانیشتوانی ڕەسەنی میسری لەم قۆناغە بلێین ڕەگەزی بنەرەتی و سەرەکی میسر بوو لەسەر ئەو دانیشتوانە ئەسڵیان ئەفریقی بوو، جگە لە ڕەگەزی حامی ئەو ڕەگەزەی کە نزیکە لە دانیشتوانی باکورو رۆژهەڵاتی ئەفریقیا وەکو بەربەرەکان کە هۆزەکانی (التوارج) و هۆزی (البجە)ی ئێستا دەگرێتەوە لە ڕۆژهەلاتی ئەفریقیا.

وه پێـدەچێ ئەو ڕەگەزە حـامیە نەیتوانیوە پـارێزگـاری بکـات لە پـاکیەکەی (یەک ڕەگەزیەکەی) بەڵکو دەکرێ ڕەگەزی ســامیش لەگەڵی تێکەڵ بووبێ هەر لە ســەرەتاوە کە ئەو ڕەگەزانە (ســـامی) لە ڕۆژهەلاتەوە هاتبوون لە ڕێگەی نیمچە دوورگەی (ســـیناء) وە دەکرێ لە باشووریشەوە، لە ڕێگەی دەریای سورو بیابانی جەزیرەی عەرەبیەوە هاتبن.

د. فخری دەڵێت: "لە میســـریە کۆمەکـانەوە گێڕدراوەتەوە لە چـاخەکـانی کۆتـایی لۆ گەشـــتیارەکان کە ئەوان (میســـریەکان) لە ڕۆژهەلات و باشـــورەو هاتوون، وە ئەوان شارستانیەتیان فێری ئەو ناوچەیە کردووە وە خستونیەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان".

وە لە ڕاســـتی دا ئەو وتانە لە ئەفســـانەکانی میســـریش هاتووە کە میســـرییەکان لە شـــوێنکەوتوانی پەرســـتگای (حورس)ن وە ئەو شـــوێنکەوتوانە لە باشـــورو ڕۆژهەلاتەوە هاتوون و میسـریە ڕەسـەنەکانیان فێری شـارسـتانیەت کردووە و ولاەکەیانی خسـتۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، وە زۆربەی مێژوونوسانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە

وە هەنـدێک لە زانـاکـان دەبینین کە شـــوێنکەوتوانی پەرســـتگـای حورس بـالفعل لە نیچمەدورگەی عەرەبیەوە هاتوون وە لە دەریای ســـور پەڕینەوە وە بەدرێژایی کەنارەکانی دەریای سور رۆشتوون تاکو گەیشتونە باکور دواتر گەیشتونە میسر.

وە هەندێ لە مێژوونووســان زۆر زیادەڕۆی دەکەن لە قەبارەی ئەو کۆچەی ســامیەکان بەلام لە ڕاســـتیدا خێرا تێکەڵ بوونە بەرەگەزی ئەفریقی و نوێ کە کاریگەری دەریایان هەبووە لەسەر ڕەگەزی (توخمی) حامی کە لە ژمارەدا کەم بوون (حامیەکان).

وە دەتوانین بڵێین لە چەرخی بەردینی نوێ ســەرووەوە وە ســەرەتای چەرخی بنەماڵە و خانەدانەکان، دانیشـــتوانی میســـر پێکهاتبوون لە توخمی ئەفریقی و نوێ وە هەندێک لە ڕەگەزی حامی و ســـامیەکانیان لەگەڵ تێکەڵ بوونە وە بەدرێژایی هەزاران ســـاڵ ئەو دانیشتوانانە نەگۆڕاون، هەتا لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا لەلایەن هەندێک لە خەڵکی میسری سەرو ئەو تایبەتمەندیانە دەبینن کە ڕەگەزی میسری کۆنی پێ جیاکراوەتەوە پێی ناسراوە.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین زۆربەی دانیشـتوانی میسـر لە سـەرەتای چەرخی بنەماڵەکان بە ئەسـل ئەفریقی بوونە هەتا ئەگەر ڕەنگی پێسـتیان سـپیش بووبێ، بەلام ڕەگەزەکانی حامی لەلایەک و ڕەگەزی سامی لەلایەکی تر کەتێڵکەڵ بەدانیشتوانی ڕەسەن بوونە ژمارەیان زۆر نەبووە بەجۆرێک تەوانی سیما و تایبەتمەندی گشتی دانیشتوان بگۆرێت.

بنەماڵەکانی خەڵکی دەلتا بەوە جیادەکرانەوە کە ســـەرێکی درێژو پاڵایەکی مامناوەندی هەبووە، بەلام لە (صعید) بنەماڵەی و دانیشتوانی بەوە جیادەکرانەوە کە دەمووچاوێکی پان و چەناگەیەکی بەهێزو دەرکەوتنی ئێسکی برۆ وە باڵای بەرزیان هەبوو.

ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی یەکەم پاخود بنەماڵەکانی مرۆڤایەتی یەکەم (ســــەرەتا) کە هات و خاکی میسر جێگیربوون کە شانازی دانانی بناغەی شارستانیەت میسری کۆنیان پێ دەبڕێ بەشێک بوە لە کۆچی بەردوان و هەمیشەی زۆرێک و لەگەلاَن و هۆزەکان کە لە نیشتمانی ڕەســـەن خۆیان لە هەردوو قارەی ئەفریقیا و ئاســـیا کۆچیان کردووە لە ماوەی هەزارەی دەیەمی پ.ز یان لەوانە زۆر پێش ئەم تایفەش بەجۆرێک لە نێوان هەر کۆچێک بۆکۆچێکی تر لەوانەیە ماوەیەکی دوورو درێژ یاخود ماوەیەکی کورت هەبووبێ، وە بەشێکیان لەسەر خاکی میسر جێگیربوونە و بەشێکیشیان لە ناوچەکانی تری ڕۆژهەلاَتی کۆن جێگیربوونە.

وە بۆیە دەتوانین بلێین کە بنەمالەی جۆراوجۆر تێکەڵ بوونە لەســـەر خاکی میســـر وە بـارودۆخی ژینگە نـاچـاری کردوون لە چەنـدین نـاوچەی دیـاریکراو جێگیربن وە لێرەوە ســـەرەتایەک بوو، وە مرۆڤی میســـری کۆن کە ڕەچەلەکی بۆ ئەم بنەمالاَنە دەگەڕێتەوە پێشکەوتن لە بواری ئاوەدانی و بیناسازی و بنیات نانی شارستانی.

## ١-٤ سەرچاوەی مێژوویی دیراسەکردنی مێژووی میسر

زانیاری لە بارەی شـوێنەوار و مێژووی میسـری کۆن دەگەڕێتەوە بۆ دوو سـەرچاوەی سەرەکی ئەوانیش:

### أ- سەرچاوەی (مادی):

کەلوپەلی شـوێنەواری جۆراوجۆر کە لە سـەدەی ١٩ز دەسـتی پێکرد لە میسـر لە ڕێگای کاری کنەوپشـکنین بەدەسـت هات پێش ناوچەکانی ڕۆژهەلاَت، هۆکارەکەیشـی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ســـروشـــتی شـــوێنەواری میســـری گەورە و دیاربوون ســـەرنجی زانا و شـوێنەوارناسـانی ڕاکێشـا بۆ ئەم کردارەی پشـکنین جگە لەوەی ئاو و هەوای میسـر و شک بوو زۆربەی پاشـماوەکان پارێزراو بووە، ئەمەش کاری توێژەر و زانایانی ئاسـان کردو و دلّنیایی دا پێیان کە نادووبونیان بەهەدەر ناچێ.

نـاوی دوو زانـای بەنـاوبـانـگ دێـت کە ڕۆڵێکی گرنگیـان هەبوو لەو مـاوەدا، لەوانە (شـامبلیۆن) کە نووسینی هیرۆغلیفی شیکردووە لە سالّی ١٨٢١. وە (فالندرزبتری) کە توانی دانانی و ڕێکخستنی سەردەم و شوێنەواری میسر کرد.

### ب- سەرچاوەی نووسراو:

١- تۆمارەکانی کاهن (مینثو) مانیتون کە دەقی پادشـــا و خشـــتەی مەلیکەکان نووســـیتەوە بەزمانی یۆنانی لە سەدەی سێیەمی پ.ز، لەسەردەمی (بطلیموس) لە کتێبخانەی ئەسکەندریە

دادەنرا، بەڵام ســــووتا بەشـــێکی لەلایان مێژوونووس ی یۆنانی (یولیوس افریکانوس) و (اوزیبوس) نووسرایتەوە کە باسی بنەماڵەی (١-٣١) بنەماڵەی میسری دەکات.

٢- بردیەی (تورین) لە تورین لە ایطالیا پارێزراوە نووســـینەکە دەگەڕێتەوە بۆ ســـــاڵی ١٣٠٠پ.ز ناوی (٣٠٠) مەلیکی تێدایە و ساڵی حوکمی مەلیکەکان بەڕۆژ و مانگ، بەنووسینی هیراطیقی نووسراوە.

٣- بەردی (بالرمو) نووسراوێکە لەسەر بەرد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٧٠٠ پ.ز ساڵانامەی حوکمی مەلیکەکانی میســـری تێدایە بەهیرۆغلیفی نووســـــراوە لە مۆزەخانەی (بالرمو) لە صقلیە پارێزراوە.

٤- لیستی (الکرنک) لەسەردەمی پادشا (طحوطمسی سێیەم ١٤٩٠- ١٤٣٦ پ.ز) نووسراوە، باسی (٦١) پادشا دەکات کە (٤٨) بەتەواوی دیارە ئێستا لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) لە پاریس پارێزراوە.

٥- لوحەی (ابیدوس): لوحەی الاجداد ناســـراوە لە ســـەردەمی پادشـــا ســـتخی یەکەم لە بنەماڵەی (١٩) نقش کراوە لە پەرستگای ابیدوس کە باسی (٧٦) پادشای میسری دەکات لە بنەماڵە جیاوازەکان.

٦- لیســتی (ســقارة): نووســراوەکە باســی (٥٨) مەلیک دەکات لە ســەردەمی (رعمســیســی دووەم) نووووسراوە.

٧- دەقە ئاینییەکان زۆرن لەوانە دەقی ئەهرامی مەملەکەتی کۆن (المملکة القدیمة) و کتاب (المیت) سەردەمی مملکەی نوێ و دەقەکانی (التوابیت)ی مەملکەی الوسطی (ناوەڕاست).

٨- نامەکانی (تل العمرانة- رســـائل تل العمارنة) کە زیاتر لە (٣٠٠) نامەی جۆراوجۆرن بۆ ئەخناتوون ناردراوە.

٩- دەقە ئەدەبییەکان و ئەفسانە و چیرۆک و اشعاری دیینی.

١٠- دەقی نووسراوی ئاشوری و بابلی و حیثی و فینیقی.

١١- نووســـینەکانی مێژوونوســـی یۆنانی و رۆمانی (هیرودتس- هکتیوس- یوســـفوس- بلورتاخ).

## بارودۆخی سیاسی میسر پێش دامەزراندنی بنەماڵەکان

بارودۆخی میسـر پێش دامەزراندنی یەکەم سـولاله دابەش ببووە سـەر چەند هەرێمێک، ئەو هەرێمانە بە یۆنانی پێیان دەوترا (نومی) هەر شـارێک حاکمی خۆی هەبوو، دواتر پاش فەترەیەکی زۆر یەکیان گرتەوە و بوونەتە دوو بەش، لەوانەش:

١- هەرێمی باشـــوور: کە پێی دەوترێت (روی قەبەلی)، کە پێکهاتبوو لە ٢٢ ئیماراتن، عاصیمەکەی (نخت) بووە،

٢- هەرێمی باکوور: رووی بەحری، پێکهاتبوو ٢٠ ئیمارات، پایتەختەکەی ( بوتو) بووە،

ئەو ئیماراتانە کە دابەش ببوونە سەر دوو هەرێم، ئەو ئیماراتانە شیعاری خۆیان هەبووە و جیاوازبوونە، ڕەنگی تاجەکانیان جیاواز بووە و ڕەنگی تاجەکانیان: باکور هێمای مار بووە، و باشووریش مێرووله، جیاوازی زۆریان هەبووە لە بواری شیعار و ڕەنگ.

بەپێی سـەرچاوەکان ئەو بارودۆخە بەردەوام بووە، گیروگرفتی زۆر لە نێوان ئەو دوو هەرێمە هەبووە، وە فەترەیەکی زۆری خایاندوە، جیا لەوەی هەوڵێکی زۆردراوە یەکبگرنەوە بەڵام بەهۆی نەگونجـانی بـارودۆخەکە یەکـانگیرنەبوونە، بەهۆی داگیرکردنی داگیرکردنی ناوچەی یەکتر،

### سولالەی یەکەم:

بەدەرکەوتنی مەلیک (مینا- مینی- نارمر) لە بنەماڵەیەکی باشوور، بەکەسایەتێکی بەتوانا و لێهاتوو لەڕووی سـیاسـی و سـەربازی و کارگێری دادەنرێت، توانی هێرش بکاتە سـەر ناوچەی باکوور و هەردوو هەرێم یەکبخات و وەحدەیەکی سـیاسـی دروسـتبکات، پاشـان نازناوی پاشای میسری لێنرا بەناوی (میسری سەرو خوارو).

دواتر سولاڵەی (الثینی- الطینی) دروست دەبێت، ئەو زانیاریانەی هەیە لەبارەی بنەماڵەی یەکەم و دووەم ٢٣٠٠- ٢٧٨٠ پ.ز، حوکمیان کردووە، دەبێتە بەشـێک لە مەملەکەتی کۆن، پێی دەوترێت بنەماڵەی ئەثینی یان ئەطینی، کە مەلیک مینا دایمەزراندووە، ئەو سـەردەمە پاشا مینا کە پاشای هەردوو زەوی بووە، خاوەن دوو تاج (سۆر و سپی)،

ئەو کاتەی مینا دەوڵەتی دامەزراند سـولاڵەی یەکەم نازناوی زۆر گرنگ بووە، بۆیە زۆربەی سـولاڵەکان نازناوی زۆریان پێ ووتراوە، بۆ نموونە مینا (پاشـای هەردوو زەوی، پاشای سەرو وخوارو، پاشای دوو تاج).

هەرچەندە زانیاری تەواو لەبارەیانەوە نییە، بەڵام سـەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە خەڵکی باکوور بوە، ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە دامەزراندنی سـوڵاڵەی یەکەم، بۆیە دەبینین کاری زۆر گەورەی ئەنجام دا کە بووە هۆی بەهێزبوونی دەسـەڵاتی سـوڵالەی یەکەم و دووەم لە میسر،

**گرنگترین کارەکانی مەلیک میناش:**

١- دروستکردنی شاری منفیس، کە شوێنێکی ستراتیجی هەبووە، بەوەی زاڵ بووە بەسەر هەردوو ناوچەی باکورو باشـوور، و کردووە مەرکەزی خۆی و وەک پایتەخت بەکاری هێناوە بۆ سولالەی یەکەم.

٢- بەهێزکردنی دەسـەڵاتی مەرکەزی, لەسـەردەمی بنەماڵەی ەیکەم و دووەم مەرکەزی بووە راسـتەوخۆ دەسـەڵاتی دەکرد حوکمرانی باکورو باشـووری کردوە، هەرچەندە سـەرچاوەکان باسـی ئەوە دەکەن کە دوو ناوچەی دورودرێژ بوونە فەرمانبەری گەورە و حاکمی لە ناوچەکان داناوە، ئەو حاکم و فەرمانبەرە گەورانە پاشان دەسەڵاتی زۆر پێدراوە بۆ ئیدارەدانی ناوچەکان، دواتریش دەبنە چینێکی گرنگ لە مێژووی میسـر, دەسـت بەسـەر دەسەڵات دادەگرن،

٣- گواسـتنەوەی ڕێڕەوی ڕووبـاری نیـل لە چیـای ڕۆژئـاوا بۆ رۆژهەلات، بەمەرەمی چاکسازی بۆ شاری منفیس، ئەم ڕێڕەوەش تەنها بۆ ماوەیەک بەردەوام بووە دواتر نەماوە.

٤- هەڵمەتی سەبازی زۆر لە ناوەوە و لەدەرەوەی میسر، بەهۆی بوونی هێزێکی سەربازی زۆر و بەهێز بۆیەش بەکاریان هێنا, لەبەرئەوەی زۆرجار لە ناوچەکانی باکور نارەزای دروست دەبوو, هەروەها لە دەرەوەشدا زۆر جار هێرشی کردوە سەر ناوچەکانی لیبیا و دوورگەی سینا.

هەروەها پاش مەلک مینا چەند مەلیکێکی تر حوکمرانی میسـریان کردوە، کە ژمارەیان حەفت مەلیک زیاتر بووە.

**سولالەی دووەم**

سەبارەت بە سولالەی دووەم بیروڕای جیاوز هەیە هەم لە ڕووی ژمارە و ناوی مەلیکەکان، بەجۆرێک لە دەقە هیرۆگلۆفیەکان ناوی ١٨ پاشا هاتووە، بەڵام لە هەندێکی تر ناوی ٤ پاشا دێت، بەڵام مەلبەندی دەسـەڵاتیان لە ناوچەی (طیبە) بووە، وە ناوی هەندێ مەلیکی بەناوبانگ دێت لەوانە: (حتب- سخموی) و (رع- ینب).

له خاســتیەکانی ئەم ســەردەم: (داهێنانی نووســینی هیرۆگلیفی کە پێی دەوترا نووســینی پیرۆز، دەرکەوتنی یەکێتی سیاسی، پێشکەوتن لە داهێنانەکانی گۆرو پیشەی کانزایی ...تاد).

**سەردەمی مەملەکەتی کۆن**

هەرچەندە بە سەردەمی سولالەی یەکەم و دووەمیش دەوترێ سەردەمی مەملەکەتی کۆن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو سەردەمە سولالەی (٣ تاوەکو ٦) دەگرێتەوە، هەروەها پێشی دەوترێت **سەردەمی ئەهرام (٢٧٨٠- ٢٢٧٠ پ.ز)، چونکی ســەرەتای دروســتکردنی ئەو ئەهرامەکان لە ســەردەمی بنەماڵەی ســێیەم دەست پێدەکات بەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی لە ســەردەمی ســولالەی چوارەم** گرنگی تەواو پێ دەدرێت.

کە بەســـەردەمێکی نوێ و گرنگ دادەنرێت چونکی خاســـیەتی تایبەتی خۆی هەیە، لەو سەردەمەش ناوی هەندێ مەلیکی بەتوانا دێت کە هەریەکە لە تۆمارە میسریەکان بەجۆرێک ناویان هاتووە.

خاسیەتەکان

١- یەکێتی سیاسی لە نێوان باکورو باشور بەردەوام بوو، وە نارەزای لەو سەردەمە زۆر کەم بووە لە باکور.

٢- گۆرانکاری زۆر دروســـت دەبێت جگە لە بەهێزکردنی دەولەت لە رووی ئیداری و سیاسی و عەسکەری هەولیانداوە مەترسییەکانی سنور لە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری میسر بپارێزن هەولیانداوە لە رێگەی هێرشکردنە سەرناوچە جیاوازەکان لە ناوچەی سینا لە رۆژهەلات لە ناوچەکانی بلاد نوبە لە ســودان جنوب، بۆ دورخســتنەوەی مەترســی دەرەکی.

٣- پەیدابوونی پلە و پایەی نوێ لە رووی ئیدارەیەوە، وەکو وەزیر و قازی و حاکم.

٤- هەروەها یەک لە خاســیەتی تر دروســتکردنی ئەهرامەکان، کە بۆیەکەم جاربوو لە مێژووی میســر دروســت دەکرێ، هەر لەســەردەمی ســولالەی ســێیەمەوە، هەرچەندە ئەهرامەکان لە ســەردەمی بنەماڵەی ســێیەم ئەهرام نەبووە پێیان ووتووە چەکۆ، بەڵام لە ســولالەی چوارەم و ئەوانتر دا ئەهرامی تەواوی دروســتکراوە. بەتایبەتی لەســەردەمی ســولالەی بنەماڵەی چوارەمەوە هەر لەســەردەمی ســەنفرۆ، کە لەو ســەردەمەدا هەرەمی جۆراوجۆر دروســت دەکرێ و هەرەمی گەورە و هەرمی بچوک لەســەردەمی خۆفۆ و

خەفرەع، هەروەهـا هەرەمی بەدرۆش دروســـــت دەکرێ، زیـاتریش بۆ ئەوە بووە کە ســـەردەمانێک دەیانزانی ئەو مەلیکانە دەشـــاردێنەوە ئەو ســـەروەت و ســـامانەیان لەگەڵ دەنێژرا بۆیە دز پەیدابوون، بۆیەش زۆر جار پاشـــا دەمرد هەرێمێکی بەدرۆشـــیان بۆ دروست دەکرا گوایە لەوێ شاردراوەتەوە.

لە مەلیکە بەناوبانگەکانی سەردەمی ئەهرامەکان (زۆسەر)ە دامەزرێنەری بنەماڵەی سێیەمە، هەروەها زۆرسەر، خۆفو، خەفرع، سەنفرۆ ...تاد.

٣- بەکارهێنانی بەردی جۆراو جۆر بەتایبەتی بەردی ســـپی، بەردی ناری، لەبەر ئەوەی کاری بیناســـازی زۆر بووە هەم لە دروســـتکردنی ئەهرامە گەورەکان (خوفۆ و خەفرەع) یاخود پەیکەرە گەورەکان (ئەبولهول) و معبدە گەورەکان کە پێویســـتیان بە بەرد هەبووە، تەنانەت تا ئێستا نازانرێ شێوەی دروستکردنی ئەو ئەهرامانە چۆن بووە و چۆن دروست کراوەن، بەهۆی قەبارەی بەرد و زۆریان و شـێوازی دانانی بەردەکان و ئەو ئەندازە و ئەو شـــێوازە تایبەتمەندیانەی تێدابەکارهاتووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لە دەقە هێرۆگلفیەکان باسیان لێوە نەکراوە.

٤- گەشـــانەوەی لایەنی ئابووری بە هۆی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی لوبنان و سولما و ئەریتیریا و هەروەها لەگەڵ دورگەی کریت.

ئیتر بەم جۆرە لەو ســەردەمە بارودۆخ زۆر باش بووە لە هەموو روویەکانی ســیاسـی و ئابووری و ئیداری و بیناسازی و هونەری، و رازاندنەوەی کۆشک و تەلار و معبدەکان.

ســـەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە حاکم و وەزیرەکان دەســـەڵات و رۆڵێکی زۆریان هەبووە، بونەتە هۆی ســـەرچاوەی گیروگرفتەکان و شـــێواندنی بارودۆخی ناوچەکان بەتایبەتی لە کۆتایی سەردەمی بنەماڵەی شەشەم، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی بارودۆخی میسر، و توانیان کۆتایی بەسەردەمی ئەهرامەکان بێنن. چونکی هەرلەسەردەمی بنەماڵەکان ئەو پلەو پایەیان وەک میرات بۆیان مابۆوە، هەربۆیەش دەیانتوانی دەست بەسەر ناوچەکان دابگرن هەم لە ڕووی مادی و هەم لەڕووی ناوچەی.

**سەردەمی ئەمیرەکان و شازادەکان ٢٢٧٠- ٢١٠٠ پ.ز**

هەروەها بەســـەردەمی تاریکی یەکەمیش دەناســـرێت، کە ســـولالەکانی ٧ تاوەکو ١٠ تێدا دامەزراوە، لە دوو ناوچە لە منفیس (بنەمالەی ٧ و ٨) و لە ناوەڕاســتی میســر لە ناوچەی ئەهناسیا (بنەمالەی ٩ و ١٠)، ئەو سەردەمە پاشا دەسەڵاتی نەما لەو سولالانە (٧ تاوەکو ١٠) دەسەلاتیان زۆر کەم بووە، واتا دەسەڵاتی حاکم و وەزیر بووە، زۆربەی ناوچەکان و

هەرێمەکان سـەربەخۆی خۆیان هەبووە، واتە ئەو دەسـەڵاتە مەرکەزیەی پێشـتر نەما، حاکمەکانی ناوچەکان سـەربەخۆی خۆیان هەبووە، تەنانەت یاسـای ویراسـی و میراتیشـیان بۆخۆیان داناوە لە وەزیفەکانیان، هەروەک سـەرچاوەکان باسـیان لێوە دەکەن ئەو فەترەیە ١٥٠ سـاڵ خایاندوە، بارودۆخ بەگشـتی زۆر خراپ بووە، ئەمەش بەهۆی ململان و شـەڕو شـۆڕی زۆرەوە لە نێوان هەرێم و ناوچەکان، و فراوانخوازی سـنوریان لەسـەر حسـابی یەکتر، جگە لەوەش خراپی بـاری ئـابووری و لەنێوچوونی کشـتوکـاڵ بەهۆی تێکدانی ئاودێریو بڵاوبوونەوەی برسـێتی، تەنانەت چەند دەقێک هەیە باسـی خۆکوشـتنی خەلکەکە دەکات کە بەهۆی باری خراپی ئابووری خۆیان بکوژن, بەڵام بەهۆی ترسیان لەلایەنی دینی واتا خوداوەندەکان ئەم کارەیان نەکروە.

هەروەها لەو سەردەمەدا جگە لە نەمانی ئەمن و ئەسایش، وەستانی کاروباری بیناسازی و رۆشنبیری و هونەری بووە. ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی کردە سەر مێژووی میسر لەو ١٥٠ ساڵەدا.

یەک لە خاسـییەتەکانی ئەو سـەردەمەش بەگشـتی کەمی زانیارییە دەربارەی مەلیکەکان و بارودۆخی ناوچەکانی میسرە.

سەردەمێکی نوێ لە مێژووی میسری کۆنە پاش سەردەمی ئەهرامەکان کەوا دوو بنەماڵە حوکمڕانی میسریان کردووە ئەوانیش: بنەماڵەی (سلالة الحادية عشرة -١١) و بنەماڵەی (سلالة الثانية عشرة- ١٢) کە نزیکەی زیاتر لە (٣٠٠) ساڵ حوکمڕانیان بەردەوام بووە.

سەردەمی بنەماڵەی ١١ (٢١٠٠- ٢٠٤٠ پ.ز) لە طيبة:

پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە توانیان سەرلەنوێ یەکێتی خاکی میسر بپارێزن و وولات رزگار بکەن لە هێزەکانی بیانی و دامرکاندنی ناوچەکانی باکور کە هەڵگەڕابوونەوە دژی دەسەڵاتی ناوەند.

هەرچەندە زانیاری و دەقە نووسراوەکان زۆرکەمن دەبارەی ئەم بنەماڵەیە، پاشا بەناوبانگەکانی بنەماڵەی (١١) بریتین لە (منتو حوتب یەکەم، منتو حتب دووەم، منتو حوتب سێیەم).

کە توانیان دەسەڵاتی مەلیک (فرعون) و دەسەڵاتی مەرکەزی دەوڵەت بەهێز بکەن و یەکگرتنەوەی خاکی میسر لە باشور بۆ باکور.

پاشان توانیان دەسەڵاتی ئەمیرو حاکم و پلە باڵاکان لە ناوچەکان کەم بکەنەوەو دانانی حزم و کەسی پاشایەکان لە دەسەڵات.

لە ڕووی هێزی دەرەکی توانیان هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای (ليبية) و ڕۆژهەڵات لە دەریای سور و ناوچەی وولاتی (النيوته).

لەم سەردەمەدا باری ئابووری بوژانەوەی زۆری دیت لە ڕێگای چالاک کردنی بازرگانی دەرەوە لەگەڵ ناوچەکانی سوریا و لبنان و صومال و کریت.

زۆری کاری بیناسازی و هونەری لەم سەردەمەدا کە پاشماوە شوێنەواری زۆریان بەجێ هێشتووە.

سەردەمی بنەماڵەی ١٢ (١٩٩١- ١٧٧٨ پ.ز)

مێژوونوسان سەردەمی بنەماڵەی (١٢) بە سەردەمێکی زێرین دادەنرێت لە مێژووی میسری کۆن لە بواری ناوخۆو دەرەوە، کە بنەماڵەی (امينحت) ياخود (امنمحات)، کە (امنمحات یەکەم) دامەزرێنەی ئەم بنەماڵەیە کە لە شاری (ايثت ثاوی) نزیک (ممفيس) وەک پایتەخت هەڵبژارد لە جیاتی شاری طيبة، گرنگترین پااشکانی ئەم بنەماڵەیە بریتین لە (سنحرسوت یەکەم، سنحرسرت دووەم، سنحرسوت سێیەم، امنحات سێیەم، امنحات چوارەم)

### گرنگترین خاسیەتەکانی لەم سەردەمەدا:

١- سەردەمێکی گرنگ بوو لە بواری سیاسی و کارگێری و ئابووری کەوا میسر پێشکەوتنی زۆری دیت لە بەهێزی دەسەڵاتی مەرکەزی و دەسەڵاتی مەلیک (فرعون).

٢- زۆر دەقی نووسراو و زانیاری دەربارەی ئەم بنەماڵەیە.

٣- نەهێشتنی دەسەڵاتی حاکم و ئەمیر و شازادەکان و گۆڕینیان بە فەرمانبەران کە لەلایان دەوڵەت دەستنیشان دەکران بۆ سەر پەرشتیکردنی هەرێم و ناوچەکان.

٤- دروستکردنی ئەهرامەکان لە ناوچەی (تاوی) دهشور)(طیبە) (الدوارة- الفیوم).

٥- پاراستنی سنوری دەوڵەتی میسر بە دروستکردنی قەڵا و شورای بەهێز لە ناوچە سنوریەکان، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بلادی نوب.

٦- بۆیەکەم جار پەیوەندی دیبلۆماسی پەیدا دەبێت لە بواری سیاسی لەگەڵ (بیابانی سینای، سوریا و فلسطین، اوغارست).

٧- بلاد نوبة دەخرێتە سەر ناوچەی میسر لەم سەردەمەدا لە سەردەمی مەلیک (سنوسرت یەکەم ١٩٦٢- ١٩٣٠ پ.ز).

٨- بەهێزی لایەنی ئابووری بەتایبەتی بایەخ دان بەکشتوکاڵ و ئاودێری و بازرگانی دەرەکی لەگەڵ ناوچەکانی (بونت صومال، کریت، سوریا و فلسطین).

٩- پێشکەوتنی بواری زانستی و ڕۆشنبیری بەپێ دەقە نووسراو شاکارەکە دەبیەکان (سنوی، الفلاح، بردیەی طیبة و بردیە ریاضیات، زۆری پاشماوەی دەق نووسراوە.

١٠- زانستی جەبر و هزری و فەلک ناس و ئەستێرەکان زانراوە،

سەردەمی هیکسۆکەکان لە میسر ١٧٧٨- ١٧٥٣ پ.ز کە سلاڵەی ١٣- ١٧ دەگرێتەوە.

## سەردەمی ناوەندی دووەم:

لە بنەماڵەی سێزدە تا بنەماڵەی حەڤدە (١٧٨٥- ١٨٥٩پ.ز) هەردوو بنەماڵەی (سێزدە) و (چواردەم)

چەند سالێک لە دوای بنەماڵەی دوازدە، میسر توانی پارێزگاری لە یەکێتیەکە بکات، بەڵام لەدوای کێشەی ناوخۆ دەستی پێکردەوە، کە یزاتر بەهۆی هاتنی چەند پاشایەکی بێدەسەڵات بێدەسەڵات بوو.

## لە گرنگترین سیمای ئەم ماوەیە:

دەرکەوتنی چینی سەرکردەی سوپا (قواد الجيش) بوو، کەوتنە کێشە و شەڕ لەگەڵ توێژی گەورە بەرپرسان، هەرکاتێ یەکێ دەسەڵاتی وەرگتبایە، هەوڵ دەدرا بە کوشتنی، یان لەناوبردنی و کۆتایی هێنانی و دانانی یەکێکی تر لە شوێنی ئەو، لەلایەکی تر حاکمی هەرێمەکان لە نێو خۆیان بەردەوام شەڕ و کێشە و ئاژاوەیان هەبووە، بەجۆرێ شەڕی ناوخۆیی و گەندەڵی و خراپبوونی بارودۆخی ژیانی ئایووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، سەرهەڵدایەوە.

باری ئاسایش زۆر نالەبار بوو هەرچەندە کۆمەڵێ پاشا فەرمانڕەوایەتیان کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە، بۆیە باسیان نەکردوون.

دووبارە ڕەوشی ناوخۆ ئالۆز بوو، دووبەرەکی سەری هەڵدایەوە، ئەمەش ڕێگای بۆ هۆزە کۆچەرەکانی دەوروبەر خۆشکرد، تاوەکو هێرش بکەنە سەر دەوڵەتی میسر و داگیری بکەن.

بنەماڵەی سێزدە:

هۆکاری لە ناوچوونی بنەماڵەی (دوازدە)، بەهۆی شەڕی بەردەوامی نێوان سەرکردەکانی سوپا و کاربەدەستانی دەوڵەت بووە، هەریەکێکیان هەوڵیان دەدا دەست بەسەر حوکم دابگرن.

حاکمی هەرێمەکان لە شاری (تیبە)، توانیان بنەماڵێی (سێزدە) دابمەزرێنن، چەندەها پاشا لە (بوردیەی تۆرین) و لیستی پاشایانی (کەرنەک) ناویان تۆمار کراوە.

بنەماڵەی چواردە:

لەبەشی باکووری ڕۆژئاوای (دەلتا)، بنەماڵەی (چواردە) بەدەرکەوت، بەڵام تەواو نازانرێ، ئایا لە هەمان ماوەی بنەماڵەی (سێزدە) بوونە، یان لە دوای ئەوان بنەماڵەیەکی بەهێز بوون؟

بنەماڵەی چواردە:

لە بەشی باکووری ڕۆژئاوای (دەلتا)، بنەماڵەی (چواردە) بەدەرکەوت، بەڵام تەواو نازانرێ، ئایا لە هەمان ماوەی بنەماڵەی (سێزدە) بوونە، یان لە دوای ئەوان، بنەماڵەیەکی بەهێزبوون؟

شاری (نەخا)، کە (دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای دەڵتا) یان کردە پایتەختی دەوڵەتەکەیان، ئەوەی ڕەچاوی دەکرێ، هەبوونی شەڕو کێشە و ئاژاوە لە سەر دەسەڵات بەردەوام بوو، بارودۆخی میسر لە هەمو ولایەکەوە زۆر خراپ ببوو، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ هۆزانی تر، یان گەلانی تر هێرش بکەنە سەر میسر و، دەسەڵاتی سیاسی وەربگرن.

ئەوانیش لە مێژوودا بە (هکسۆس) ناسران، نزیکەی (٩٣٠) ساڵ حوکمیان کرد، لە سێ بنەماڵەی (١٥) شازدە پاشا لە بنەماڵەی (١٦) سی و دوو پاشا و لە بنەماڵەی (١٧) چل پاشا دەسەلاتداربوون.

ڕەگەزی (هکسۆس)

لە بارەی ڕەگەز و ناوی (هکسۆس) و هاتنیان بۆ میسر، بیروبۆچوونی زۆر هەیە، هەندێ لە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن، کە هاتنی (هکسۆس) بۆ میسر لە شێوەی هەڵمەتێکی سەربازی ڕێک و پێک و ڕێکخراو نەبووە، بەڵکو لە شێوەی کۆمەڵە نەتەوەیەک بوونە، هرە لە کۆنەوە وەک دانیشتوانی ئاسایی لە میسر نیشتەجێ بوونە، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی بنەماڵەی (دوازدە) دەگەڕێتەوە.

لە بارەی ڕەگەزیانەوە، بیروڕای جیاواز هەیە، هەندێکیان دەڵێن (لە هۆزانی عەرەبی بوونە، کە لە دەوروبەری، (سوریا و فەلەستین و جەزیرەی عەرەبی) نیشتەجێ ببوون.

بەهۆی وشکەساڵی و کەمی باران لە لایەک، لە لایەکی تر بەهۆی هاتنی هۆزەکانی هیندۆئەورووپی، بەتایبەتی ئاری نەژادەکان، فشاریان خستبۆ سەر دانیشتوانی ناوچەکە و ناچاربوون بە دوای جێگایەکی تر بگەڕێن.

هەندێکی تر وای بۆ دەچن: کە (هکسۆس) پێکهاتەیەکی تێکەڵن لە کۆمەڵێ ڕەگەزی جیاواز، لە سوریا و فەڵەستینەوە هێرشیان کردۆتە سەر میسر، هەندێکی تر بەدانیشتوانی ئاسیای بچووک و ناوچەکانی دەریای (خەزەر)یان دادەنێن، یاخود دەڵێن بەڕەگەز (عیبران)ین، یاخود (کەنعان)ین.

شوێنەوارناسان لەسەر ئەم بۆچوونەن، کە کۆچی دانیشتوانی جەزیری عەرەبی، تەنها بەرەو عێراق و سوریا نەبووە، بەڵکو ڕوویان لە میسریش کردووە لە باشووری جەزیرە، لە ڕێگای گەرووی (باب المندب)، یان لە ڕێگای (کەنالی سوێس) هاتونە ناو وڵاتی میسر، بەڵام ئەم هاتنەیان بەشێوەیەکی کت و پڕ و لەناکاو نەبووە، بەڵکو بەشێوازێکی سروشتی و ئاسایی و هەرلە کۆنەوە، لەسەرئاستی خەڵکی ئاسایی هاتبوون بۆ ناو میسر، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە، فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار نەبوونە، یاخود هیچ پۆستێکی دیار و کاریگەریان نەبووە، تا ئەو کاتەی ڕەوشی ناوخۆی میسر ئاڵۆز و ناهەموار دەبێت، ئینجا هەڵێکیان بۆ دەڕەخسێ، ئەمەش لە سەردەمی بنەماڵەی (چواردە) بووە، بەهۆی هەبوونی کێشەی ناوخۆ.

دواتر توانیان دەسەڵاتی سیاسی وەربگرن، بەڵام هەندێکی تریش شوێنی ڕاستەقینەی (هکسۆس)، وڵاتی شام دادەنێن، کە لە سەدەی (١٧– ١٨ پ.ز) شوێنی خۆیان بەجێ هێشتووەو ڕوویان لە میسر کردووە، بەڵگەشیان لەسەر ئەمە ئەوەیە، کە کۆمەڵێ پاشماوەی (هکسۆس) لە شوێنێک دۆزراوەتەوە، کە پێی دەڵێن (قەتنا) لە وڵاتی شام، وا دیارە پایتەختیان بووە.

ئەوان خاوەنی سیستەمێک ىسەربازی تایبەت بەخۆیان بوونە، بەتایبەتی چەکەکانیان زۆر جیاواز بووە لەگەڵ میسرییەکان، وەک: شمشێرەکانیان شێوەی کەوانەیی بووە، لە کانزا دروست کرابوو، میسرییەکان لەم ماوەیەدا نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی کە بتوانن چەکەکانیان لە شێوەی پتەوی ئەوان دروست بکەن.

ناوەکەیان.

وشەی (هکسۆس) مانای ناوی تایبەت بە نەتەوەیەک نەبووە، بەڵکو نازناو بووە، میسرییە کۆنەکان بەهەموو پاشایەکی وڵاتی بیانییان ووتوە (هیکاسوت) بەمانای (پاشایانی دەوڵەتی بیانی)، ئەمەش بۆ پێش سەردەمی (هکسۆس) دەگەڕێتەوە.

مێژوونووسی میسری (سەنهای) لە ماوەی بنەماڵەی (دوازدە) بەکاری هێناوە، (مانیسۆ) بەمانای پاشایانی شوانکارەیی ڕاڤەکردووە بەزمانی میسر، بەشێوەی (حت– خاسوت) دێت، واتا (پاشایانی وڵاتی بێگانە)، یان ئەو ناوچانەی دەکەونە دەرەوەی سنوری میسر، میسرییەکان زاراوەی (مەنیسۆ– ساتیت) بە مانای (شوانەکانی ئاسیا) بەکاردەهێنا، وەک بە کۆچەرە عەرەبیەکانی بیابانی ڕۆژهەڵات و نیچمە دوورگەی (سینا)، وەک (ئاموریەکان و کەنعانییەکان) لە گەڕان دابوونە، هەروەها زاراوەی (شاسۆ) واتا کۆچەر (البدو) بەهۆزەکانی بیابانی باشووری فەڵەتسینیان ووتووە.

وشەی (هکسۆس) بەیۆنانی لە دوو بەش پێکهاتووە، (هیک) مانای پاشا و (سۆس) واتا شوان، ئەم لێکدانەوەیە نزیکە لە مانا میسرییەکە، کە (هیکا) مانای سەرۆک یان (میر) دێت،

(سۆس) دەکرێ بەشێوەی شاسۆش بنوسرێت، (هیکا خاسوت)یش لەسەردەمی بنەماڵەی (دوازدە) بەسەرۆکی بیابان و شوانکارەکانیان ووتووە.

چۆن (هکسۆس) توانیان دەست بەسەر میسردا بگرن؟

هکسۆسەکان زۆر بەئاسانی توانیان میسر داگیربکەن، خراپی بارودۆخی ناوخۆی و بەش بەشی و دووبەرەکی، فاکتەری سەرەکی بوون بۆ باڵا دەست بوونی هکسۆس.

هەروەها لە ڕووی سوپا و ڕێکخستنی و بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتوو، وەک (شیر، کەوان، ئاژەڵی باڵا بەرز و عارەبانەی جەنگی)، تەواو جیاواز بوون لەگەڵ هی میسرییەکان.

(ئاواریس- ئاڤاریس) لە بەشی دەلتا کردیانە پایتەخت، ئێستا دەکەوێتە (تاتیس یان قەنتیری ڕۆژئاوا).

توێژەرە نەمساییەکان دەڵێن: شوێنەکەی دەکەوێتە گری (زەبعة) لە بیابانی ئێسماعلیەیە، چونکە پاشماوەیەکی زۆری (هکسۆس) لەوێ دۆزراوەتەوە.

میسر لەم ماوەیەدا بۆ سێ بەش دابەش ببوو:

١- بنەماڵەی (١٤) لە بەشی ڕۆژئاوای دەلتا تا بەشێک لە ناوەڕاست.

٢- هکسۆس لە بەشی ڕۆژهەلاتی دەلتا و میسری ناوەڕاست تا ئەسیوت.

٣- میسری سەروو تا باشوری ئەسیوت سەربەخۆ بوون، بەرامبەر بەپێدانی سەرانە(جزیە) بەهکسۆسەکان، بەڵام دواتر ئەوانە ڕۆڵێکی زۆریان لە ئازاد کردنی میسر لەژێر دەسەلاتی هکسۆس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ بینی. ئەویش دوای ئەوەی کە هکسۆسەکان بۆ نزیکەی دوو سەدە (١٧٨٥- ١٨٥٩) دەستیان بەسەر میسردا گرتبوو.

پاشاکانی هکسۆس:

هەرچەندە زانیاری تەواو لەبارەی ژمارەی پاشایانی هسکۆس نازانرێ، ئەوەی هەیە ژمارە و ناوی چەند پاشایەکە، کە مێژوونوسان بەسەر بنەماڵەکان بەم شێوەیە دابەش دەکەن: (بنەماڵەی (١٥) شەش پاشا، بنەماڵەی (١٦) سی و دوو پاشا، بنەماڵەی (١٧) چل و سێ پاشا)، ئەو سەردەمە لە شاری (تیبە) بنەماڵەی (١٧)ی میسی لە ئارا دا بوو.

کۆمەڵی یەکەمی پاشایانی هکسۆس، نازناوی (سوڵتان، پاشا)یان هەبووە، وەک: (ئابا خناس، ئەبوفیس، بانیاس، سیسی یا شیشی، خیان) ...تاد.

پاشماوەی ئەو مەلیکانە، لە زۆربەی شوێنەکان دۆزراونەتەوە، وەک زۆربەی بەشەکانی میسر و (نۆبەی خواروو)، دیارە ئەمەش بەگەڵەیە لەسەر دەسترۆیی ئەو پاشایانە، کە

دەسەڵاتیان بەسەر هەموو شوێنەکان دا هەبووە، بەڵام نەیانتوانیە دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەرێمەکان بپارێزن.

چەندەها بەڵگەنامە و پاشماوە دۆزراوەتەوە، ناوی ژمارەیەک لە پاشایانی (هکسۆس)ی تێدایە، ئەگەر بەشێوەیەکی مێژویی دابەشیان بکەین، (سی) ناویان بە (ئەبوفیس) دەست پێدەکات، بەڵام لە نازناوی جیاوزیان هەبووە، وەک:

١- هاوسر، رع، ئەبوفیس، کوڕی ڕۆژ.

٢- نب، خبش، رع، ئەبوفیس، کوڕی ڕۆژ، خوداوەندی چاک.

٣- عاقن، رەع، ئەبوفیس، کوڕی ڕۆژ، خوداوەندی پاک، کۆمەلێکی تر لە پاشایانی هکسۆس بەنازناوی (خەکا، خاسۆت) بەمانای وڵاتی بێگانەیان هەبووە.

شارستانێتی هکسۆس:

هەرچەندە میسرییەکان توانیان (هکسۆس) لە میسر وەدەرنێن، دواتر هەر سیمایەکی شارستانییتی تایبەت بەوان هەبوو، وەک (پەرستگا، مەسەڵە(دینگە) کۆشک، و ... تاد) لەناویان برد، بەشکاندن و ڕووخاندن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، کاریگەری لەسەر ڕەوتی شارستانێتی میسرییەکان بەجێ هێشت، وەک هێنانی گالیسکە بە ئاژەڵی باڵابەرز ڕای دەکێشا، بەتایبەتی ئەسپ، ئەمە ئەدگارێکی شارستانی (هکسۆس) بوو.

هەر ەئمەش بووە هۆی ئەوەی زۆر بەئاسانی دەست بەسەر میسر دا بگرن، یدارە ئەوانیش کاریگەری هۆزە ئاسیاییەکان بووە لە سەریان بەتایبەتی خۆرییەکان.

ڕوویێکی تری شارستانی هکسۆس، شێوەی دروستکردنی پێداویستییەکانی شەڕ، وەک (تیر و کەوانی چەماوەیی و قەلغان و شمشێرەکان لە کانزای پتەو) دروست دەکرا، دواتر میسرییەکان ئەم جۆرە هونەرە لە وان فێربوون.

سیمایەکی تر لە تایبەتمەندی شارستانێتی وژیاری (هکسۆس)، قاییم کردنی شارەکان بووە، ئەویش بە دروستکردنی شوڕای تایبەت لە دەورەی شارەکان.

سەرەتا لە دەورەی شارەکان بەرزاییەک لە خۆڵ دروست دەکرا، دواتر شوراکەیان دروست دەکرد، لە دیوی ناوەوەدا، چاڵ، یان خەندەق لێدەدرا، شوراکەیان لە قوم و زیخ و کەرپوچ دروست دەکرد.

فخارەکانیان بە دوو ڕەنگ و هێڵ زەخرەفەیان تێدا بوو، بەزۆریی وێنەی باڵندە و ڕووەک و ماسی لەسەر فخارەکانیان دەکێشا مۆرە لولەییەکانیان کاریگەری مۆری خۆرییەکانی لەسەر بووە.

هکسۆسەکان زۆربەیان خوداوەندی میسرییەکانیان دەپەرست، لە نێو خوداوەندە زۆرەکانی میسریدا، خوداوەند (سیس) کە بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە، زیاتر بە پیرۆزیان ڕادەگرت و دەیانپەرست، ک ەزۆر نزیک بووە لە خوداوەندی سەرەکیان کە ناوی (ستخ) بووە، لە شێوەی پیاوێکی ڕیشدار جلێکی درێژی شێوەی ئاسیای لەبەر بوە، بەرجەستە دەکرا.

مەڵبەندی سەرەکی ئەو خوداوەندە لە پایتەخت (ئەواریس، یان ئەڤاریس) بووە، دواتر بۆ بیابانی ڕۆژئاوا گوازاوەتەوە، هەروەها ئارەزوویان لە پەرستنی خوداوەند (رەع)یش هەبووە، لەگەڵ خوداوەندەکانی خۆیان بەناوبانگترینیان (گۆلک) بووە.

هکسۆس لە سەرەتا بەشێوەیەکی خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ میسرییەکان دەکرد، بەڵام دواتر شارتسانێتی میسرییەکانیان فێربوون و پەیڕەویان کردووە، لەناو و نازناو و هەڵسوکەوت و جل و بەرگ و زمان و ئاینیان و لاسایی فرعەونەکانیان دەکردەوە.

خۆیان بە کوڕی خوداوەند (رەع) دەزانی، چەندەها پەرستگا و کۆسک و پەیکەر و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و زانستی، وەک: بیرکاری، مەسەڵە (دینگەی بەرز)، لە داهێنانی ئەوان بووە، بەڵام میسرییەکان هەر بەچاوی دوژمن و داگیرکەر سەیریان دەکردن، لە نووسراوەکانیان بە (بەربەری، تێکدەر، دواکەوتوو) ناوزەندیان دەکرن، بۆیە هەر لەهەوڵدابوون بۆ دەرکردنیان، تا لە سەردەمی (ئوحمس پاشا) دەریان کردن.

چۆنیەتی دەرکردنی هۆکسۆس لە میسر

١- هەرێمی میسری سەروو، جۆرە سەربەخۆییەکی هەبوو، لەبەرامبەر پێدانی سەرانە (جزیە) بە هکسۆس، لە تیبە ئەمیرەکانی ئەو بنەماڵەیە حوکمیان دەکرد، دواتر لەگەڵ دراوسێیەکانیان پەیمانیان بەست و بوونە هێزێک، توانیان ڕووبەڕووی هێزەکانی بێگانە هکسۆس ببنەوە.

٢- دەسەڵاتدارانی هکسۆس بەهۆی ڕابواردن و خۆشگوززەرانی ژیانی تایبەتی خۆاینەوە، کە لاسایی فیرعەونەکانی میسریان دەکردەوە، باری دەوڵەتیان فەرامۆس کردبوو، لەبەر ئەوە توانا و هێزی پێشتریان نەما، بۆیە نەیانتوانی ڕووبەڕووی میسرییەکان ببنەوە.

٣- لەلایەکی ترەوە، میسرییەکان هەموو کات هکسۆسەکانیان بە دوژمن سەیر دەکرد، هەرچەندە گۆرانکاری زۆر لە ژیان و ڕەفتار و هەڵسکەوتیان ڕووی دابوو، بەڵام ئەوان بەهیچ جۆرێ قەبوڵیان نەدەکردن، هەر بەچاوی دوژمن و داگیرکەر سەریان دەکردن، هەموو کات بە نازناوی و سیمای ناشرین ناوزەدیان دەکردن، وەک (پیسی و نەخۆشی و پەتا و تاعون... هتد).

هۆکاری جیاوازی ئاینیان بەهەڵ زانی بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژیان و دواتر دەرکردنیان لە میسر.

٤- دەرکردنی هکسۆس لە میسر وسەرکەوتن بەسەریاندا، دوای ئەوە بوو، کە میسرییەکان توانیان لە هۆکارەکانی جەنگ لەوانەوە فێربن، بەتایبەتی گالیسکەی جەنگی، ڕاکێشانی بە ئەسپ.

لە پاش نیو سەدە تێکۆشان و شەڕی پاشایانی (تیبە)، تا ئەو کاتەی لە ژێر سەرکردایەتی ئوحمس پاشا (١٥٧٠- ١٥٤٨ پ.ز) توانیان هکسۆس لە میسر دەربکەن، تا باکور (وڵاتی شام) سار بەدەریانکردن، هەر پاشماوەیەک، کە تایبەت بوو بە وان، لەناویان برد، واتا نەهێشتنی مێژوویی دژی (هکسۆس) یان ئەنجام دا، بۆیە مێژووی (هکسۆس) تەواو ڕون و ئاشکرا نییە و ئالۆزە.

## سەردەمی مەملکەتی نوێ/ سەردەمی ئیمپراتۆری (١٥٧٠- ١٠٨٠ پ.ز)

ئەو سەردەمە بنەماڵەی (١٨- ١٩- ٢٠) لەخۆدەگرێت، نزیکەی (٥٠٠) ساڵ دەخایەنێ، سـەردەمێکی نوێیە لە مێژووی مسـیر، هەم لە ڕووی ناوخۆ هەم لە ڕووی دەرەوەدا، لەبەرئەوەی

ئەو سـەردەمە بەتایبەتی سـولالەی (١٨) سـولالەیەکی زۆر گرنگ و بەهێز بوونە، چونکە چەند مەلیکێک ناویان دێت مەلیکی بەتوانانە و ناوبانگی زۆریان هەیە لە مێژووی میسـر لەوانە (تحمسـی یەکەم) کە دامەزرێنەری سـولالەی ١٨ یە، (امنحتوبی ١-٢-٣-٤) و (تحتوسـبی ١-٢-٣-٤) و (سـیسـتی ١)، جگە لەوانە (حتشـبسـوت) کە ئافرەت بووە یاخود بڵێین مەلیکە بووە و لە مێژووی میسر ناوبانگێکی زۆری هەبووە، لەو سـەردەمەی دەبینین مەلیکی زۆر بەتوانا لەمێژووی میسـر دەردەکەوێن کە مەلیکی زۆر بەتوانا بوونە، هەروەها (رمسـیسـی دووەم) تەنانەت هەندێ لەسـەرچاوەکان باسـی ئەوە دەکەن کە ئەو رمسـیسـی دووەم هی سـەردەمی پێغەمبەر موسـی بووە، بەڵام بەپێی ئەو شـوێنەوارناسـانە و پارچە ئاسەوارانەی دۆزراونەتەوە ڕاست دەرنەچووە.

هەروەها لەو سـەردەمەدا زۆر شـتی نوێ هاتە کایەوە، لە ئەنجامی بایەخ دان بە بوارە جۆراوجۆرەکان کە پێشـتر بەو شـێوەیە نەبووە، بۆ نموونە بایەخدان بەلایەنی سەربازی و رێکخستن، بەجۆرێک بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ئیمپراتۆریەت مەنسبی (قاید جیش- سـەرکردەی سـوپا) پەیدا دەبێت لەسـەردەمی (تمحسـی یەکەم)ی دامەزرێنەری سولالەی هەژدە.

سـوپای میسـر لەو سـەردەمەدا بۆ دوو مەرەمی سـەرەکی بەکارهاتووە: (١) دامرکاندنی ناڕازاییە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی لە باکور یەک لە کارەکانی هێزی سـەربازی ئەوە بوو هێرشـکردنە سـەر ئەو ناوچانە بۆ بەرقەرارکردنی ئەمن و ئاسـایش، و نەهێشـتنی نارەزایی، (٢) بەکارهێنانی هێزی سـەربازی بۆ دەرەوەی سـنوری میسـر، بۆ ناوچەکانی بلاد نوبە، سـوریا و فەلەسـطین و لیبیا، بۆیەش بۆیەکەم جار سـوپای میسـری (مسـتعمرات) بارەگا و ناوچەی سـەربازی لە دەرەوەی سنوری میسـردا دروسـت دەکەن، بەتایبەتیش لە سـوریا و فەلەسـطین، بۆ پارێزگاری کردن لە میسـر، هەروەها بەکارهێنانیان دژی دوژمنەکانی میسر.

لە ئەنجامی ئەو هێرش و دامەزراندنی مسـتعمرانە لە دەرەوەی سـنوری میسـردا، بۆتە هۆی زیادبوونی دەستکەوتی ماددی و مرۆیی، ئەم دەستکەوتانەش بەتایبەتی مرۆیی، واتە ئەسـیر (دیل) کە دواتر بەکاریان هێنان بۆ خزمەتی بیناسـازی، لەوانەش دروسـتکردنی

مبعدەکان و نوژەنکردنەوەیان و دروســـتکردنی قەلاو شـــورا، ئیتر بەم هۆیەوە بارودۆخی ئابووری میســـــر بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی و زۆر بەهێز دەبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆری کـاری بیناســــازی و لە دروســــتکردنی مبعـد و هەیکەل و پەیکەل ... هتـد لە نـاوچە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی لە ســەردەمی مەلیکە (حتشـبسـوت) کە گرنگی زۆری لەم ڕووە ئەنجامداوە لە ناوچەکانی مبعدی کرنک و طیبە.

هەروەها (رمسـیسـی دووەم) دووەم معبدی (ابیدوس) و (القرنە) لە نزیک قبسـون لە میسردا. ئەم گرنگی دانەشیان بە بواری بیناسازی لە ئەنجامی ئەو دەستکەوتانە بووە کە لە شەڕو پێکدادانەکان دەستیان کەوتووە.

لەو سەردەمەدا بۆیەکەم جار پەیوەندی دبلۆماسی  سیاسی دێتە کایەوە کە پێشتر لە میسـردا لە ئارادانەبووە، بۆ نموونە لەگەڵ میتانییەکان لەناوچەی سـوریا و کاشـیەکان لە بابل و لەگەڵ ناوچەکانی سـوریا و فەلەسـطین، کە ئەمەش کاریگەری کردۆتە سـەر چالاکی بازرگانی و بەهێزی ئابووری تەنانەت پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە لەم میانەیەوە هاوسەرگیری سـیاسـی هاتۆتە ئاراوە لە نێوان بنەماڵەی سـولالەی هەژدە لەگەڵ میتانیەکان، بەوەی زۆر کچی مەلیکەکانی میتانی هاوســەرگیریان لەگەڵ فرعەونەکانی میســریان کردووە. بەتایبەتی لەوانەش کیلوخیبا، تادوخیبا- نەفەرتینی (شــــای جوانان) لەو کچانەیە کە هاوســــەرگیری لەگەڵ ئەخناتون (ئەمنحوتبی چوارەم) کرد. تەنانەت لە هەندێ ســــەرچاوەکان باس لەوە دەکرێت کە نەفەرتیتی هۆکاری ســـەرەکی بووە بۆ ســـەرکەوتنی شـۆرشـی ئەخناتون. جیا لەمەش تەنانەت پەیوەندی زانســـتی لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە دبلۆماسـی یە، بۆنموونە دکتۆری کاشـی چووە بۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـی فرعەونەکان، هەروەها نامە گۆرینەوە لە نێوانیاندا هەبووە. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاســـتیانە ئەو نامەکانی (تل العمارنە)  دۆزراونەتەوە ئەو ڕاستیانە دەسەلمێنن.

هەروەها چینی کاهینەکان یەک لە خاســیەتەکانی تری ئەو ســەردەمەیە کە پیاوانی ئایینی ڕۆڵێکی باڵا دەبینن و  پەرســتگا لە لوتکەی دەســـەڵات خۆی دەبینێتەوە ڕۆڵی زۆر بووە

یەک لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەو ســــەردەمە پەیدابوونی چینی کاهینەکان بوو، دەرکەوتنی چینی کاهینەکان و باڵا دەســتی پەرســتگا جگە لەلایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەورێکی باڵای دەبێت لەلایەنی ســیاســیش بۆیە مەنســەبەێکی نوێ پەیدا دەبێت ئەویش ســـەرۆکی کاهینەکانی ئامون (خوداوەندی ئامون)، کە ســـەرپەرشــتی کاهینەکان دەکات، بەتایبەتی لە ســـولاڵەی (١٨-١٩-٢٠)، وە خاوەنی ســـامانی زۆر بوونە، چونکە

مبعدەكان كاری كشـــتوكاڵیان دەكرد و چالاكی بازرگانی باشـــیان هەبووە. كە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تداخولی بڕیار و بەشداری سیاسی بكەن، كە ڕۆڵێكی باشیان لەم ڕووە گێڕاوە تاوەكو هاتنی ئەخناتون  (امنحوتبی چوارە) (١٣٧٥- ١٣٥٠ پ.ز) ئەنجامدانی شـــۆرش، كە شـۆرشـێكی ئایینی یەكتا پەرستی بوو، بە ڕووداوە هەرە گرنگەكانی مێژووی میسـری كۆن دادەنرێت، كە بیری یەكتا پەرستی لە میسردا هێنایە ئاراوە، ئەم شۆرشە دژی كاهینەكان و پەرستگا بوو، كە بۆ یەكەم جار بوو لە میسر شۆرشێک پەیدا بێت بەناوی یەكتا پەرستی- شۆرشی ئەخناتون.

تەنانەت هەندێ ســــەرچاوە ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەم شـــۆرشـــە بە كاریگەری نەفەرتیتی بووبێت، كە خوداوەندی رۆژ بكرێتە خوداوەندی سـەرەكی دژی ئامون، جگە لەو یەكتا پەرســـتە مەرســـومی لابردن و قەدەغەكردنی هەموو خوداوەندەكانی تری دەركرد بەتایبەتی ئامون لە طیبە لە باشـوور، وە خوداوەندی (ئاتوری) كردە خوداوەندی سـەرەكی دەوڵەت، تەنانەت پایتەخت و پەرستگاشی گواستەوە بۆ تل العمارنە، ئەم كردارەیشی لەبەر مەترسی پیاوانی ئایینی ئامون بوو.

هەروەها بۆیەكەم جاریش بوو نازناوی (فرعەون) [كەبەواتای بیت الكبیر دێت] پەیدا دەبێت لە ســـەردەمی بنەماڵەی هەژدە دا. واتا فرعەون ناوی (تایبەتی، ناســناو، ناســناوی ئاینی)یشی هەبووە، كە یەكێكی ترە لە تایبەتمەندییەكانی سەردەمی مەملەكەتی نوێ.

## سەردەمی كۆتایی (عصر المتأخر) (١٠٩٠- ٦٦٣ پ.ز)

ئەم ســەردەمە ســولالەی (٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥- ٢٦) لە حوكمی میســریان كردووە، سەردەمێكی دووردورودرێژە زۆر سولالە تێدادروست بوونە.

### خاسییەتەكانی

بۆیەكەم جارە كاهینەكان دوای نەمانی شۆرشی ئەخناتون و گەڕانەوەی پەرستگای ئامون و خوداوەندی ئامون دەورێكی گەورە دەبینەوە لە باشـوری میسـردا، بۆیە دەبینین ســولالەی نوێ پەیدا دەبێت لەســەردەســتی (حریحور) كە پیاوێكی ئایینی بوو، بۆیە دەبین سەردەمی متأخر سلالەكان جیاوازن لە سلاڵەكانی تری پێشتر كە بنەماڵە میسرییەكان یەک لە دوای یەک حوكمرانی میسر بكەن.

یەک لەو سلالانە پیاوانی ئاینی دروست دەکەن، سلالەی ٢١، هەروەها سلالەی ٢٢ کە دامەزرێنەرەکەی (شوشنیق)ە لە بنەماڵەی لیبی یە، وە بنەماڵەی ٢٥ بنەماڵەیەکی نۆبی یە لە باکوری سودان.

خەلکی بێگانە لە بنەماله میسرییەکان سلالە دادەمەزرێنن بەتایبەتی لە باشوور، کە بۆیەکەم جارە سەردەمێکی زۆر جیاوازە, هەرچەندە زانیاری کەمە لەبارەی ئەو سلالانە، کە تێکەلاوییێکی زۆر هەیە لە دەسەڵاتی میسر لەو سەردەمەدا و دەسەڵاتی مەرکەزی میسر زۆر لاواز بووە، بەهۆی شەڕ و شۆر و ئاژاوەی ناوخۆی لە نێوان ناوچەکانی میسر.

هەروەها نەمانی مستعمراتی میسری لە سوریا و فەلەسطین، چونکە هەر لە سولالەی ٢١ەوە شەڕو شۆرش و ململانێی لە نێوان ناوچەکانی باکورو و باشور و ململانێ لە نێوان بنەماڵەکان لە ئارادابووە، و بەهۆی تێکچوونی ئابووری وڵات ئەو بارەگایە سەربازییانەش لە دەرەوەدا پێویستیان بە پارە و پول و پشتگیری مادی هەبووە، بۆیەش بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپە ئەم مستعمرانەش لە نێو دەچن و نامێنن.

هەروەها پەیدابوونی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی میسری لەوانەش ئاشوروی و یۆنانی. بەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارەی وایکردبوو بنەماڵەکان داوای یارمەتی لە یونانیەکان بکەن، بۆیەش یۆنانییەکان بەرە بەرە دێنە ناو میسر، کە دواجار چینێکی نوێ لێ پێک دێت لە مێژووی میسر، لەسەر داوای بنەماڵەی میسرییەکان هێزی مرتزقەی یۆنانی کە دەورێکی بالایان هەبووە لە ململانێی سەردەمی متأخر. هەروەها ئاشوورییەکان مەترسی لەسەر سنوری میسر دروست دەکەن، ئەم بارودۆخەش بەردەوام دەبێت تا هاتنی بنەماڵەی ٢٦ی بۆ سەر دەسەڵات.

بنەماڵەی ٢٦ (٦٦٣- ٥٢٥ پ.ز)، لەسەر دەستی (بسماتیک) دامەزاوە، لە ناوچەی (سیایس)ی ڕۆژئاوای دەلتا، کە کۆتایی بنەماڵەی میسریی و سەردەمێکی زۆر گرنگ بوو لە مێژووی میسردا، چونکی لەو ماوەیەدا میسر بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی، بەوەی ئەمن و ئاسایش بەرقرار دەبێت، و لایەنی ئابوری گەشانەوەی بەخۆیەوە بینی لە ئەنجامی بایەخی کشتوکاڵی و پەیوەندی چالاکی بازرگانی، هەروەها لایەنی هونەری و ئاوەدانی پەرەی پێدرا، ئیتر ئەمانەش بوونەتە هۆی توکمەبوونی کۆلەکانی دەولەت لەسەردەمی ئەم بنەماڵەیە،

بسماتیک مورتەزەقەی یۆنانی بەکارهێنا، بەڵام ئەو سولالەیە بەدەستی فارسە ئەخمینیەکان دەروخێت لە ٥٢٥پ.ز.

## سەردەمی بێگانەکان لە میسر (العصور الاجنبية)

ئەم سەردەمە سولالەکانی (٢٧ تا ٣١) لە خۆدەگرێت، یەکەم سەردەمی فارسە ئەخمینیەکان (٥٢٥- ٣٣٢پ.ز)

## سەردەمی فارسە ئەخمینیەکان (٥٢٥- ٣٣٢پ.ز):

**فارسە ئەخمینیەکان توانیان** بەسەرکردایەتی (قەمبیز) لە سالی ٥٢٥ پ.ز بنەمالەی ٢٧ لە میسردا دابمەزرێنن و دواتریش بنەمالەی (٢٨)یان تێدا دامەزراند، ئیتر بەم جۆرەش لەو ماوەیەدا توانیان حوکمڕانی ڕاستەوخۆی بەشێکی میسر بکەن، هەرچەنە هەولیانداوە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ خەلکی میسر و ڕێزیان لە خوداوەندی میسرییەکان گرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەلکی میسری دژایەتی فارسە ئەخمینیەکان کردوە و لە چەندین ناوچە جیا جیا شۆرشیان دژ فارسەکان بەرپاکردوە، بەڵام بەهۆی زیادبوونی هەژموونی هێزە یۆنانیەکان لە سالّی ٣٣٢ پ.ز کۆتایی بەدەسەلاتی فارسە ئەخمینیەکان لە میسردا دێت.

## سەردەمی یۆنانییەکان-بطالیسە- هێلینی (٣٣٢- ٣٠ پ.ز)

سەردەمی یۆنانی هەر لەسەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنیەوە، سەردەمی ئەسکەندەری لە ٣٣٢- ٣٢٣پ.ز کە بۆماوەی (١٠) سال دەخایەنێت، لە دوای سەردەمی ئەویش سەردەمی بطالیسە دەستپێدەکات کە قائیدی ئەسکەندەر بوو کە بەشی میسری بەرکەوت، بۆیە پێی دەوترێت سەردەمی یۆنانی بەطالیسە (بطلیموس کوڕی لاجوس)، کە میسر دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی یۆنانییەکان، یۆنانیەکانیش بەهۆی لێهاتویان کاریگەری زۆری کردۆتە سەر مێژووی میسر، کە شاری ئەسکەندەریە دروستکراوە لە ماوەیەدا و مەکتەبەی ئەسکەندەریە، هەروەها یۆنانییەکان کاریگەری زۆر لە ڕووی کلتور و زمان و لایەنی کارگێری و ئایینی .... هتد، ئیتر بەو جۆرە تێکەلاوەی شارستانیەتی رۆژهەلات و رۆژئاوا دروست دەبێت کە بەهۆیەشەوە بەو سەردەمە دەوترێت سەردەمی هێلینستی.

کلیۆپاترا یەکێکە لەو کەسایەتیە بەناوبانگ و گرنگانەی کە لەو سەردەمەدا رۆڵی دەبێت، کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بە مردنی کیلۆپاتر لە سالّی (٣٠ پ.ز) سەردەمی یۆنانی کۆتایی دێت،

## سەردەمی رۆمانی (٣٠ پ.ز- ٦٣٩ز):

**ئەم سەردەمە دەستپێدەکات لە سالّی ٣٠ پ.ز** کە بەردەوام دەبێت کە ٦٣٩ز بەهاتنی سوپای عەرەب موسڵمانەکان کۆتاییان دێت، کە دەستیان بەسەر دەسەلاتی میسر داگرت.


البحـــر المتوســـط
القدس
غزة
رفح
البحر الميت
دمياط
رشيد
الإسكندرية
بوتو
سايس
ناوكراتيس
تانيس
أفاريس
بوصير سمنود
الفرما
وادي النطرون
20 mi
50 km
بوباستيس
دلتا النيل
مريدا
البحيرات المرة
هليوبولس
القاهرة
الجيزة
منفيس
صقارة
حلوان
دهشور
سيناء
مصر السفلى
الفيوم
بحيرة قارون
ميدوم
كاهون
أهنيس
نهر النيل
خليج السويس
سرابيط الخادم
تمنة
خليج العقبة
الواحات البحرية
بني حسن
هيرموبولس
تل العمارنة
أسيوط
بداري
الصحراء الشرقية
قاو
الصحراء الغربية
اخميم
طينة
نهر النيل
أبيدوس
دندرة
برنيقة
واحة الخارجة
نقادة
قفط
طيبة
واحة الداخلة
طود
مصر العليا
البحر الأحمر
نخن
إدفو
كوم أمبو
أسوان
برنيكي
واحة دنقل
نابتا بلايا
أبو سمبل
بوهين
كوش
الصحراء النوبية
نهر النيل
كرمة
الكوة
نبتة
جبل البركل
مروي


البحر الكبير ( البحر المتوسط )
الإسكندرية
أرض لوقنة
( لوبيّة )
مصر السفلى
تانيس
أرض كنعان
القلزم
صحراء التيه ( سيناء )
ايلة
منف
الجيزة
سقارة
الفيوم
شبه الجزيرة العربية
مصر الوسطى
تل العمارنة
بداري
ثينيس
الكرنك
طيبة
مصر العليا
الأقصر
أدفو
أفريقيا
بحر القلزم ( البحر الأحمر )
كوش
أسوان
أرض النوبة
أبوسمبل
مصر في عهودها القديمة
lovely0smile.com